
# دیمانەیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ

# شێرکۆ

# بێکەس دا

ئەم دیمانەیە لە 2005/5/2 ئەنجامدراوەو پاش گفتوگۆکردن لەسەر پرسیارەکان و مەبەستی دیمانەکە، کاك شێرکۆ بڕیاریدا بە خەتی خۆی و بە دەستنووس وەڵامەکانم بۆ بنوسێتەوە، چونکە لەلایەك پێمخۆشبوو دەستنوسەکەی لای خۆم بپارێزم، لەلایەکی تریشەوە کاك شێرکۆ بە وردی و مەبەستەوە وەڵامیبداتەوە، ئەمەی خوارەوەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنە بڵاونەکراوەیە کە بەدەستنوس تاوەکو ئێستا لام پارێزراوە.

باران
د. لوقمان رەئوف



نیسانی

## پێشەکی

**شێرکۆ بێکەس لە (1940/5/2) لە گەڕەکی گۆیژە (گاوران)ی شاری سلێمانی لە دایکبووەو 2013/8/4 لەسوید بە نەخۆشی شێرپەنجەی قوڕگ کۆچی دوایی کردو یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی بەگشتی و رابەری شیعری هاوچەرخ بەتایبەتی، بەو مانایەی کە شێرکۆ لە قۆناغی شیعر نوسیندا، توانیویەتی رێڕەو و میتۆدێکی نوێ و تایبەت بەخۆی بنیادبنێت، هەر ئەم هەنگاوەش وایکرد شێرکۆ ببێتە ئەسێرەیەکی درەوشاوەی شیعری هاوچەرخی کوردی.**

**شێرکۆ بێکەس لە ساڵی (1968)دا یەکەمین دیوانی خۆی بە ناوی (تریفەی هەڵبەست) بڵاوکردوەتەوە و تاوەکو ئێستا خاوەنی چەندین بەرهەمە، بەپێی ئەو بایۆگرافیای کە لە کۆتایی دیوانەکانیدا بڵاوکراونەتەوە، خاوەنی (43) بەرهەمە (شیعرو وەرگێڕان)، لەکۆی ئەمانەش (2) رۆمانی وەرگێڕاوە (پیرەمێردو زەریا 1982) لەگەڵ (ژن و دوو پیاو 200) و (1) چیرۆکێکی منداڵانی بەناوی(کوکوختییە بزێوەکە 2003)هەیە، کەواتە شێرکۆ خاوەنی (40) دیوانی شیعری و شانۆنامە و دەقی واڵایە، لەکۆی ئەم بەرهەمانەش شێرکۆ بێکەس توانیویەتی رەوتێکی نوێ بۆخۆی دیاریبکات، کە تەواو جیاوازە لە شاعیری سەردەمی خۆی، بەڵام بەپێی پۆلێنبەندی پرۆژەی سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی سەرجەم دیوانەکانی شێرکۆ لە سوید لە ساڵی 2009، جگە لەو سێ بەرهەمە، خاوەنی(44) دیوانە شیعرە، ئەمەش واتە (4) بەرهەمی جیاواز لەوانەی تر کردون بە دیوان، وەك دیوانەکانی( داڵ، رەنگاڵە، یاداشتی ماکەوێکی رەش، شایی شەهید).**

**یەکەمین شیعری کورتی لە دیوانی (تریفەی هەڵبەست)دایەو یەکەمین شیعری دیرێژی شیعری( کۆچ)ە لە دیوانی ( دوو سرودی کێوی)و یەکەمین دیوانی درێژیش دیوانی( داستانی هەڵۆی سوور)ە.**

**شێرکۆ یەکەمین شیعری لە ساڵی (1957) بڵاوکردوەتەوە و لەو ساڵەوە تاوەکو ساڵی (2013) شیعرەکانی بەسەر (3) قۆناغدا تێپەڕیون.**

### کورتەیەك لەژیانی بەڕێزت بەگشتی و کاریگەری ژینگەی خێزان لەسەر کاری ئەدەبیت بخەیتەروو؟

-لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا و لە شاری سلێمانی – گەڕکی گاوران . لە دایك بووم ، ئەو بنمیچەی لە ژێریدا چاوم تیا پشکووت، بنمیچێکی شیعری بوو ، بێکەسی باوکم 1905-1948 یەکێك بوو لە شاعیرە نیشتمان پەروەرەکانی سەردەمی وریابونەوە، ئەو مەشخەڵەی حاجی قادری کۆیی هەڵیگرتبوو. مەشخەڵی کوردایەتی و پەیامی شیعری ڕاپەڕین و ڕزگاری، لای بێکەس هونەری شیعری ئامانجی یەکەم نەبوو، بەڵکو تەنها ئامرازێك بوو بۆئەوەی لە خزمەتی پەیامە سیاسیەکەیدا بێت، شیعری سادەو بەڵام وەك ڕاستی بێ پەردەو چون ژیان ڕاستەوخۆ و ئاشکرا، خۆی مامۆستای سەرەتایی بوو، وانەی زمانی عەرەبی بە منداڵان کورد ئەوتەوە، هەر ساڵەو لە ناوچەیەکی دەرەوەی شار. دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لە شارۆچکەی هەڵەبجە بردە سەر و لە 1948/12/18 داو لە زستانێکی سەختدا، لە تەمەنی 43 بە ئێجگاری ماڵئاوای لە ژیانکرد ، ئێمە خێزانێکی هەژار بووین، هەر بەو موچە کەمەی ئەوسای مامۆستایەتی ئەژیاین ، کرێچی بەرماڵان بووین ، ئەو کاتەی ئەو کۆچی دوای کرد، من تەمەنم حەوت ساڵ و نیو بوو ، خۆم و دوو خوشکی لە خۆم بچوکتر و دایکم ماینەوە ، کە دایکم لێی قەوما لە بیستەکانی تەمەنمدا بووم ، دایکم ژنێکی وت و وریا و ئازاو بەدەم و پل بوو . من لەوەوە لە ڕێی ئەو حیکایەت و پەندی پێشیان و شیعر و



بەیتانەوە، خۆشەویستی زمانی کوردیم تێدا دروستبوو، کە دایکم شەوانە بۆی ئەکردم و ناوبەناویش بەدەنگە خۆشەکەی گۆرانیشی بۆ ئەوتم، دوای مردنی باوکم و هەر بە منداڵی زۆر جار کە خەڵکی ئەیانبینم و ئەیانزانی کوڕی ((بێکەس)) م ڕێزێکی زۆریان لێئەگرتم ، مەلاشووی شیعرم بە سرودەکانی ئەو هەڵدرایەوە ، ناو وناوبانگی ئەو، هێزێکی مەعنەوی گەورە بوو، بۆئەوەی منیش ئاواتەخوازی ئەوە بم، ڕۆژێ لە ڕۆژان وەك ئەو خۆشەویستی میللەتەکەم بم .

من قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی فەیسەڵییە لە سلێمانی تەواوکرد، من لە ماتماتیکدا کۆڵەوار بووم و لە تەواوی وانەکای تردا زیرەك بووم ، باری نەدارایی و نەبوونی خاووخێزان، وایلێکردم بیر لەوە بکەمەوە، قوتابخانەیەك هەڵبژێرم بە زوویی تەواوی بکەم و دەستم لەکارێك گیربێت، بۆیە چووم ناوەندی پیشەسازی لە سلێمانی و دواساڵی ئەو قوتابخانەیەش لە بەغداد تەواو کرد ، ڕۆژنامەی (ژین) ی هەفتانامەی سلێمانی، تەنها پەنجەرەیەك بوو، کە ئەو سەردەمە لێیەوە تەماشای شیعر و ئەدەبیاتی کوردیمان ئەکرد ، بۆیە یەکەم جار لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، دەستمکرد بە نوسین و یەکەم شیعریشم نیشانی مامۆستا گۆران داو ئەویش هەر لەوێدا بە پاندانەکەی وەزن و ئاهەنگی ئەو شیعرانەی بۆ ڕاستکردمەوە ، ئەوە یەکەمجار بوو، لە نهێنیەکانی ئیقاع و وەزنی فۆلکۆری کوردی بگەم ، بە پێچەوانەی شاعیرانی ڕابردووەوە، ئەوانەی لە حوجرەکانەوە پێگەیشتبوون و لە ژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی کوردیدا بوون ، من لە شیعری تازەی کوردییەوە ، گۆران ، هەردی ، شاعیرانی گەلاوێژەوە، خۆشەویستی شیعری کوردیم تێدا خەملی و گەشایەوە، شیعرەکانی سەرەتام لە ڕووی تەکنیك و کەرەسەی هونەرییەوە کزو لاواز بوون ، لە تەمەنی 21 ساڵیدا گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) کە لە سلێمانی دەرئەچوو شاعیری ناوداری کوردی کامەران موکری سەرپەرشتی ئەکرد ، شیعرێکی نیمچەدرێژی بۆ بڵاوکردمەوە ، ئەمە هاندانێکی مەعنەوی گەورەبوو بۆ من، ساڵانی 1958-1959 دا لە بەغدا ئەمخوێند ، ئەم گواستنەوەیە لە شارێکی بچوکەوە بۆ پایتەختی گەورە ، ناوەندی جموجوڵی ڕوناکبیری و ئەدەبی ، کتێبخانەی هەمەجۆر ، گۆڤارو بڵاوکراوەی وڵاتانی عەرەبی کۆڕو سیمینار ، بوونە هۆی بەرفراوانی لە ئاسۆی بیرکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی ئەدەبیم ، لە ساڵی 1968 داو هەر لە بەغدا یەکەمین کۆمەڵە شیعریم بەناوی (تریفەی هەڵبەست ) ەوە بڵاوکردەوە، ئەمەیش لەسەر ئەرکی کاک (فەهمی قەفتان) بوو ، لە




## ئەو چەند ساڵەی لە مەنفاو لە مەخفەرێکدا ئەژیام ، لەرووی بەرهەمەوە ئێجگار بە بڕشت و بەخشندە بوو، چونکە گەورەترین وەچەرخان لە شیعری مندا بوو

1969 دا لە سلێمانی دووەم کۆمەڵە شیعرم بەناوی (( کەژاوەی گریان )) ەوە بڵاوکردەوە، ئیتر بەبەردەوەمی هەموو ساڵێك، دوو ساڵی بەرهەمی تازەو تا ئەمڕۆ (واتە ساڵی 2005) نزیکەی 26 کۆمەڵە شیعری چاپکراوم هەیە، هەڵبژاردەیەکیش لە شیعرەکانم بۆ نزیکەی (10) زمان تەرجومەکراوە لەوانە : ئینگلیزی ، سویدی ، فەرەنسی ، ئەڵمانی، ئیتاڵی ، دانیمارکی، مەجەری ، عەرەبی ، تورکی ، فارسی .

لە ساڵی 1970 دا لەگەڵ دەستەیەك لە نوسەران و شاعیرانی کوردا، بۆ یەکەمجار بەیاننامەیەکی ئەدەبیمان دەرکرد ، هاوارێك بوو بۆ تازەکردنەوە، دواتر ئەمە بە بەیاننامەی (ڕوانگە )ی ئەدەبی بەناوبانگ بوو ، ڕوانگە بەردێك بوو گۆمە مەنگەکەی ئەو سای ئەدەبی کوردی شڵەقاند، لەبەغدا تێکەڵی ئەدیبان و شاعیران ناسراوی عێراق بووم، لە نزیکەوە ( عبدالوهاب

البياتی )) م ناسی، له ساڵانی دواتریشدا بەهۆی بارەگای یەکێتی ئەدبیان و نوسەرانی بەغداوە لەوێ بۆ یەکەمجار سعدی یوسف و فازل العزاوی و خالد علی مستەفا و فازل سامر و یاساین نصیر و حسب الشیخ حبژر زۆر ئەدیبی ترم ناسی ، ئەم تێکەڵاوبوونە هۆش و گۆشی ئەدەبیمانی وریاترکردەوە، من هەر لە ڕێگەی زمانی عەرەبیشەوە، شاکارە گەورەکانی ئەدەبی دنیاشم خوێندەوە ، لە سەرەتای حەفتاکانداو لە شیعری عەرەبیدا، شیعرەکانی مەحمود دەروێش و سمیع القاسم لە هەمووان زیاتر ئەچووە دڵەوە، لەساڵانی 1970-1974 دوای بڵاوکردنەوەی ڕێکەوتنامەی 11 ئازار و ڕێکەوتنی قیادەی ئەوسای شۆڕشی کوردو حکومەتی بەغدا، زمان و ئەدەبی کوردی گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، دوای بڵاوبونەوەی بەیاننامەی ڕوانگە بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگری تازە هاتە ئاراوە، ئەوە یەکەمجار بوو بەو شێوە فراوانە وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی لەبارەی نوێخوازییەوە، ئەو ڕووبەرە گەورەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ خۆی داگیر بکات ، ئەو کۆڕوکۆبونەوە زۆرانەی کە بزوتنەوەی ڕوانگە بۆ ئەدەبی لاوانی ڕێکخست چ لە سلێمانی و چ لە بەغدا تین و گوڕێکی تازەی دا بە ئەدەبی ئێمە ، ئەبێت لێرەشدا بگەڕێینەوە بۆ دواوە، کە من لە ساڵی 1965-1966 دا و لە هەڕەتی لاوێتیدا، بۆ یەکەم جار چوومە ناو ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوەو لە یەکەمین ڕادیۆدا دەستبەکاربووم ، سەرەتای خەملین و پێگەیشتنم بوو، لە ڕادیۆی موقاوەمەتەوە ناوبەناو پەخشان و شیعرەکانی خۆم بەدەنگی خۆم ئەخوێندەوە ،


لە ساڵی 1974 یشدا ئەو کاتەی نێوان حکومەتی بەغداو شۆڕشی کورد تێکچوو، دیسانەوە چوومە شاخ، دوای ڕێکەوتنی 6 ئازاری نێوان سەدام و شای ئێران، دوای ئەوەی شۆڕشی کورد توشی هەرەس و نوشوستی هات، من دەرەوەی وڵاتم هەڵنەبژاردو لەگەڵ هەزاران هەزاردا ڕوومکردەوە سلێمانی، پاش دوو سێ مانگ بە فەرمانی ئەنجومەنی بەناو شۆڕشی عێراق و بە ئیمزای (تەها یاسین ڕەمەزان)، لەگەڵ دەیان و سەدان ڕوناکبیری تردا دوورخرامەوە ، منیان ناردە ڕومادی و لەوێشەوە بۆ هیت و لە هیتیشەوە بۆ ناحییەی بەغدادیە نزیك (حدیثە) و هەر لە مەخفەرەکەی ئەوێدا ئەژیام، سەردەمێکی سەختی دەست بەسەری و ژیانێکی ئاوارەیی، بەڵام ئەو چەند ساڵەی لەو مەنفایەدا بووم، لەرووی بەرهەمەوە ئێجگار بە بڕشت و بەخشندە بوو، گەورەترین وەچەرخان لە شیعری مندا لەوێ بوو ، کاتێ قەسیدە درێژەکەی (( کۆچەرم )) نوسی، یەکەمین قەسیدەی درامی تازەو درێژترین شیعری تازە کە تا ئەو کاتە نوسرا بێ، هەرلەوێش ئەزموونی نوسینی پۆستەرە شیعرم سەریهەڵداو لەدواییدا گەشەمپێدا، هەرلەوێش شانۆنامەی شیعری ((ئاسك)) م نوسی ، ئەو مەنفایە بۆ من، بوو بە هێزێکی گەورەی مەعنەوی و درێژە دان بە نوسین و داهێنان ، سێ ساڵ و نیو لەوێ مامەوە ، دواتر گەڕاندمیانەوە بۆ سلێمانی و لە دایرەی (( ئاو ئاوەڕۆ) ی سلێمانی تەسبیتکرام ، لە کۆتای 1984 دا دوای ئەوەی گوشاری ڕژێم بۆ سەر ئەدیبان و هونەرمەندان لە زیادبووندا بوو ، بڕیارمدا بچمەوە شاخ و هەروامکردو چوومە ناوچەی مەرگەو دواتر گەیشتمە ناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵوو، کەوتمە کارکردن لەگەڵ ڕاگەیاندن و لەگەڵ نوسەرانی شاخدا دەستمان کردەوە بە چالاکی خۆمان ، یەکەمجاریش نزیکەی دوو ساڵ لە شۆڕشی نوێدا مامەوەو لە کۆتایی 1986 دا ڕومکردەوە دەرەوەی کوردستان و بۆ دواجار لە سوید - ستۆکهۆڵم گیرسامەوەو داوای پەناهەندەیم کردو وەرگیرام، لە 1986 ەوە بۆ 1991 لەسەر بانگهێشتی کوردە ئاوارەکانی ئەوروپا، کەوتمە گەشتی شیعر و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکانی ئەوروپام بەسەرکردووە .



ئەوروپا بۆ من، دنیایەکی تازەو نەبینراو بوو، ئاسۆی تازەتری لەبەردەم ژیانی ئەدەبیمدا کردەوە، لەناو شاخ و داخەوە بۆ ناو جیهانی مۆدێرنەی ئەوروپا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تازەکان، هەوڵم بۆ ناسینی کلتورە جیاوازەکان داوە، لە نزیکەوە دانیشتن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەدیبان و هونەرمەندانی ئەوروپا ، بڵاوبونەوە هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانم بۆ یەکەمجار بە زمانی سویدی و لەلایەن شاعیران و ڕەخنەگرانی سویدیەوە، نوسینی لەسەر بەرهەمەکانم، هەروەها وەرگرتنی خەڵاتی تۆخولسکی ئەدەبی 1987-1988 هەر لە سوید، ئەمانە هەمووی ئەزموونیان دەوڵەمەندتر کردم، هەر لە هەندەرانیش بۆ یەکەمجار کەوتمە نوسین و داستانە شیعری درێژ یەکەم هەوڵم (دەربەندی پەپولە) بوو، دواتر چەندین داستانی ترو بەوجۆرە غەریبی بۆ من وەك مرۆڤێك پڕبوو لە سووتان، بەڵام وەك بەرهەم پڕبوو، لەکانی تەقیوو لە گوڵ و سەوزبوونەوەی بەردەوام، لە ساڵی 1991 دوای ڕاپەڕین و لە مانگی دەی هەمان ساڵدا ،گەڕامەوە بۆ کوردستان سلێمانی

و دیاری شیعریشم خوێندنەوەی درامای دەرەبەندی پەپولە بوو، لە ڕۆژگاری هەڵبژاردندا بۆ یەکەمین پەرلەمانی کوردستان، چ خۆم و چ هاوڕێکانم پێیان باشبوو خۆم بپاڵێووم، هەروایشمکرد لەسەر لیستی سەوز وەك شاعیرێکی سەربەخۆ، خۆم پاڵاوت، بوومە ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان ، دواتر هەر لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بە کۆی دەنگ کرام بە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ساڵێك و سێ مانگ لەم پۆستەدا مامەوە، بەڵام دوای ئەوەی گەلێك پێشێلکاری نادیموکراتیانەم بینی، ئیتر نەمتوانی لەسەر ئەو کورسیە بمێنمەوە .

ئەوە بوو دەستم لەو پۆستە کێشایەوەو دەقی واز هێنانەکەشم لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە، هەروەها لەسەر تەلەفزیۆن قسەمکرد، لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، جارێکی تر وڵاتم بەجێهێشتەوەو گەڕامەوە سوید، ئیتر نەگەڕامەوە تا بە یەکجاری لە ساڵی 1998 گەڕامەوەو لەگەڵ کۆمەڵێ ئەدیب و نوسەری تردا، دەزگای (چاپ و پەخشی سەردەم) مان بە یارمەتی حکومەتی هەرێم دامەزراند و تا ئێستا سەرپەرشتی ئەم دەزگایە ئەکەم و لە ماوەی ئەو حەوت هەشت ساڵەشدا، توانیومانە کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕبکەینەوە. ژنم هێناوەو سێ کچ و کوڕێکم هەیەو منداڵان لەخەم ڕەخسیون و هەریەکەو سەرقاڵی ماڵ و ژیانی خۆیەتی .




**ئایە شاعیران توانیویانە وەك پێویست پەیامی ڕاستەقینەی شیعر پیادەبکەن ؟**

-لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، مەسەلەیەکی ڕێژەیی و نسبییەو وەڵامەکەی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ئەگۆڕێ ، ئەشێ لای شاعیرێك هیچ پەیامێکی دیار بۆ شیعر نەبێ و لەهەموو هەلومەرجێ بەدەربێ، لەم حاڵەتەدا پێناسەی شیعر تەنها پێناسە هونەرەکەیەتی، لەم نەخشەیەی ئێستای شیعری کوردیدا ، ڕەنگە جیاوازەکان ، دەنگە جیاوازەکان گەلێ لە جاران زۆرترو بەربڵاوترن، بەمجۆرە پێناسەکانی شیعریش لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر لە یەکدی جیائەبنەوە ، بۆ نمونە نەوەی تازەی شیعری کوردی، مەبەستم لە کەمە باشەکانە، ستایلی نوسین و شێوازیان وەك نەوەی ئێمەی حەفتاکان نین، ڕەنگە لە ئێستەدا خەمە تایبەتییەکان و زاتیەکان و دەنگی ناخ و ناوەوەی نهێنیەکانی شاعیر ستایلی زاڵ بن، بەپێچەوانەی ئێمەو سەردەمی خۆمانەوە، کە خەمی تاك و کۆ ، زات و گشت تەواو تێکەڵ بە یەکتر بووبوون، دیارە ئەویش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کە مێژووی ئەو قۆناغانە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان ، مەسەلەی ئازادی ، شۆڕش و پ.م ، چەوسانەوەی بە کۆمەڵ، وێرانکاری ،دیکتاتۆریەت و خوێنی بەردەوام چۆڕاوە لە لاشەی کورد ، دەبەدەری و کۆچ و گرتن و کوشتنی و ئەمانە سیما دیارەکانی ژیانی سەردەمی ئێمە بوون ، لەو سەردەمانەدا هێشتا کۆمەڵێ بەهای ئینسانی پیس نەبوو بوون ، ئێمە ئێستا چەندین شاعیرمان هەیە، کە تەمەنیان لە نێوان 22-26 ساڵدایەو هیچ ئەزمونێکی ڕابردوویان بەچاوی خۆیان نەدیوە ، بەهەرحاڵ گۆڕاون ، هۆ و هۆکارەکان گۆڕاون، دنیا خۆیشی گۆڕاوە، لەبەرئەوە هەموو هەلومەرجەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندان ، گەرمەی شیعری ئێمە لە گەرمەی بۆردومان و دووکەڵ و ئاگرو خوێندا بوو، لەوێوە چاوی شیعرمان دەکرایەوە ، ئێمە ناتوانین هیچ هەلومەرج و بابەتێك بکەین بە تایتڵی هەموو سەردەمەکان، هەر سەردەمەو هەر ئەزمونەو هەر شاعیرەی ئوسلوبی خۆی ئەدۆزێتەوە . گرنگ شیعریەتە جا بۆ هەرچیەك بێت، یان لەهەر سەردەمێکدا بێت ، وەك زۆرجار وتومە ، شیعر هەیە بەر لە هەزار ساڵ وتراوە، بەڵام تا ئێستەش هەر شیعرە شیعریش هەیە، ئەمڕۆ ئەوترێ، بەڵام هەر ئەمڕۆ ئەمرێ !

**شیعری کوردی لەم هەلومەرجەدا هەڵگری چ پەیامێکە ؟**

-لە ڕاستیدا شیعرو هونەر بە گشتی، بەهرەی تاك و ئەزموونی ڕوناکبیری تاك و بەرهەمی ئەدەبیش، هەمیشە لە تاکەوە سەرچاوەدەگرێ،




**من بۆ خۆم هەمیشە ئەو شیعرانەم لا جوان و پەسەندە، کە نە هەموو دەرگاکانی دەربڕین و زمان و مانای ئەخاتە سەر پشت و نە ەدا:**



بەمانایەکی تر ئەگەر ئاستەنگیەك بۆ شیعر هەبێت، ئەوە ئاستەنگی شاعیرەکە خۆیەتی، نەك بە گشتی هی هەموو شاعیرو بەرهەمێ، واتە یەك ئاستەنگی چون یەك نین بۆ هەموو شیعر و شاعیرێك، ئەمەیش لە ئوسلوبێکەوە بۆ ئوسلوبێکی تر جیاوازە ، دیارە لێرەدا مەسەلەی شیعرو خوێندنەوە دێتەئاراوە. شیعر بەخشین و وەرگرتنە ، شیعر بە دەیان ڕێباز و قوتابخانەو شەپۆلی جیاجیای هەیە، دیسانەوە خوێنەریش یەکجۆر خوێنەر نین، ئەوانیش ئاستی چێژوەرگرتن لە شیعر و تێگەیشتنی لە هێماکانی شیعر و خەونەکانی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لە گۆڕاندایە ، من بۆ خۆم هەمیشە ئەو شیعرانەم لا جوان و پەسەندە نە هەموو دەرگاکانی دەربڕین و زمان و مانای ئەخاتە سەر پشت و نە قوفڵیشیان لێدەدا، واتە ناوەندێك هەیە بەیناو بەین، ئەمە بە تەواوی ئەگات و نە دایشئەبڕێ ، ئەم جۆرە شیعرانەش ئاسانی گرانن، یان وەکو عەرەبەکان ناویان لێناوە ( سهل الممتنع) ن، وەك ئەبینین ئێمە، ڕەنگە لە هەموو سەردەمێکشدا هەروەها بڕۆین ، بەشی زۆری ئەو شیعرانەی بڵاوئەبنەوە، بریتین لە ئاژاوەیەکی نێو زمان ، لە دەیان قفڵی ڕیز بەستوو ، لە وشە ڕۆکردنە سەر کاغەز ، لە نەبوونی مانایەك، یان ئاهەنگ و ڕیتمێ، کە گیانی شیعر لەوێدایە ، بۆیە بەشی زۆری ئەو بەرهەمانە، توشی هیچ جۆرە سەرسامبوونێك ناکەن، دێن و دەڕۆن و هیچ لە دوای خۆیانەوە بەجێناهێڵن، وەك کەفەژیلکەی نێو زەریا چۆن لەساتە وەختێکدا هەڵئەتۆقێ، هەر ئەو ساتەش لە چاو ونئەبێت ، شیعر چوارچێوەیەکی نییە، یان تاریخێك لەوێدا کۆتایی بێت، تا ئێستە هەزاران پێناسە بۆ شیعر کراوەو هەزارانی تریش ئەکرێ ، ئینجا وەك گەردون خۆی پەی بە نهێنیەکەی نابرێ ، بەلای منەوە ، شیعری جوان ئەو شیعرانەن کە لە دڵەوە بۆ دڵن، شیعرێك بووە تەلیسمە جوانیەکەی لە دەست ئەداو ئەبێتە جۆرێك لە مەتەڵی داخراو.

جوانترین شیعری دنیا ئەو شیعرانەن سادەو بەڵام قوڵن ، خەیاڵیان فەزایەکە بێ بن ، زمانیان وەك حەقیقەت ئاسانە، بەڵام دۆزینەوەشیان گرانە ، وەك سەرەنجامیش، ئەدەب واتە مەودای کاریگەری لەسەر بەرامبەر، خوێنەر، وەرگر چەندە، ئەگەرنا ئەبێتە گەمەکردنێك لە بۆشایدا. نهێنی ئەوینی شیعرە جوانەکان لەو کارتێکردن و سەرسام بوونەدایە، تۆ بڕوانە دوای زەمانێکی دوورو درێژیش هێشتا شیعرەکانی، بۆنموونە: نالی و پۆشکین و موتەنەبی و لۆرکا و سەیاب و گۆران و شاعیرە نەمرەکان هەر زیندون، شیعر هەر شیعرە کۆن بێ یان نوێ، وەزن و قافییەی هەبێ یان نەبێ ، پەخشانە شیعر بێ یان قەسیدە ، سەدان ساڵە چوارینەکانی خەیام ئەژین و من پێموایە تازەمانێکی زۆر دووتریش هەر ئەژین ، شیعریش هەیە تەمەنی لە تەمەنی ئەو ڕۆژە تێپەڕناکات کە بڵاوئەبێتەوە ، شیعر زمانە لە کاتی چڕبوونەوەو فڕیندا، جوانیەکە بەبێ هیچ ڤیزەیەك سەرسامت ئەکات و ئەچێتە ناخەوە ، هیچ ڕەخنەگرو هیچ دەسەڵاتێك، ناتوانێ شاعیری ڕاستەقینە دروستبکەن، دروستیبکەن وەختیەو تا سەر ناڕوات ، من ژێیەك لە دەروونمدا هەیە، هەرکاتێ لەوەختی خوێندنەوە، یان گوێگرتن لە شیعرێك کەوتە لەرینەوە، مانای وایە گەیشتۆتە هەستم و کەونەگیری گرتووم ! شیعرە جوان و نەمرەکان هەمیشە شیعرە ئینسانیەکانن ، زمانە شکۆدارەکانن لە هەموو دەرو زەمانێکیشدا، ئەو شیعرو شاعیرانە هەڵبژاردەو کەمەکانن، نەك زۆرەکان !

**ئاستەکانی شعری کوردی کامانەن ؟**

**پێوەرو بنەماکانی شیعری بەڕێزت چین؟**

-هەندێ جار مەرج نییە مێژوویەکی دیار ببێتە قۆناغێکی دیار بۆ شیعر،

چونکە هۆ و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەر تەوژم و نوێبونەیەك، یان ڕێچکەیەکی تازە، زۆری ئەوێ بۆئەوەی پێبگات و بخەملێ، ئەو گۆڕانانەی کە لە بواری سیاسی و ئیداری و ئابوری و ئاوەدانکردنەوە، تا ڕادەیك بەخێرایی دەرکەوتووە، لە بوارەکانی فەرهەنگ کولتورو ئەدەبدا بە گشتی درەنگتر دەرئەکەون و ئەبنە دیاردە لە (1961)ەوە تا (1991)، واتە لە زریانەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە، تا شۆڕشی نوێ و هەموو کارەسات و تراژیدیا و موقاوەمەت و ڕاپەڕین و کۆچ و بەجینۆسایدکردنی کورد، لە ئەنفال و هەڵەبجە و هەموو ئەو مێژووە دورودرێژەدا، کە زیاد لە سی ساڵی خایاند، ئێمە ئەتوانین بڵێین جۆرێك لە ئەدەبی مقاوەمەت دروستبوو، بە تایبەتی لە شیعر و چیرۆکدا، هەڵبەت ئەو هەل و مەرجانە دوای ڕاپەڕین گۆڕان و سەردەمێکی تازەتر هاتەکایەوە ، بەڵام ئەم گۆڕانە خاڵی نەبوو لەو شکستانەی، کە شەڕی ناوخۆ بەشێوەیەکی ئێجگار سلبی لەگەڵ خۆیدا هێنای، سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین یان خەونەکان هێندەی نەبرد، کە شەری خۆکوژی تاریکی کردن و پڕیکردن لە نائومێدی .

بۆیە ئەبینین لە دوای ڕاپەڕین و تەقینەوەی شەڕی براکوژی، بەشێکی زۆر لەبەرهەمە ئەدەبییەکان ، شیعر و چیرۆك ، بە ئاقاری بێزاری و بڕوا لەق بوون بە پاشەڕۆژی کوردو مایە پوچی سیاسی و قیادەی سیاسی کوردو کۆچکردنی لاوان بەرەو هەندەران ئەشکێنەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو خەونانەی لە ڕۆژگاری موقاوەمەت و شاخدا، لەبەشی زۆری بەرهەمەکاندا بەرەبەستبوون، گرانە بتوانین خەڵکی دیار لە نێوان ئەدەبی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕیندا بکێشین، چونکە بەشێکی زۆری ئەدەبی دوای ڕاپەڕینیش، هەر درێژبووەوەی کارەسات و تراژیدییەکانی پێش ڕاپەڕێنن، ئەم دیاردەیە لە هەموو ئەدەبی دنیادا هەر وایە، ئەوەتا ئێمە تا ئەم ساتەوەختەیش ئەو ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ نامانە بەردەوام ئەخوێننەوە ، کە لە (ئێستادا) ئەونوسێن، بەڵام سەرچاوەیان بۆ نمونە بۆ شەڕی یەکەمی جیهان، یان دووەم و کارەساتەکانی ئەو ڕۆژگارانەی ئەگەڕێنەوە، بۆ نمونە من خۆم لە دوای ڕاپەڕین و تا ئەو ساڵانەی دوایش، چەندین داستانە شیعرم بۆ سەردەمی پێش ڕاپەڕین و ئەنفال و هەڵەبجە و ئەو مەرگەساتانە ئەگەڕێتەوە، بە واتایەکی تر کاریگەری ئەو ئەزموونانە بۆئەوەی لەناو مندا، شیعری خۆیان دروستبکەن، هێدی هێدی هاتوون و تا لەناو رووناکی دوای ڕاپەڕیندا لە دایکبوون، بەڵام ئەوەیش ڕاستە کە ئێستا (( نەوەیەکی ئەدەبی )) هەیە کە تەمەنیان لە نێوان 20-30 ساڵدایە، بەڵام بە جۆرێکی تر و جیا لەنەوەی ئێمە ئەنوسن، خەمی خۆیان هەیە، کە تەواو لە خەوەکانی جارانی ئێمە جیاوازترن ، مێژووی ئێمە و نەوەی تازە چوون یەك نین ، ئاوات و خۆزگەکای گۆڕاون، دیارە بەمجۆرە ئێستا ئەو شیعرو چیرۆکانەیش لە ئارادان، کە تەعبیر لە جیهانێکی تر ئەکەن ، ئێمە ناتوانین ئەم خاسیەتە گشتگیر بکەین، ئەویش لە بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمانەدا، نائومێدیەکی ڕەشبینیان ئەبینی، کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی حیرمانی گەنجی کورد و ئاستەنگی ژیانیان بێ، پەراوێز کردنیان لە دوای ڕاپەڕین ، بێ کاری و نەدارایی و بێ ماڵی سەرچاوەی بێت ، ئەوەێ ڕاستیبێ فەزاکە هەرچیەك بێت من ڕەشی یان گەشی ئەوەیان بەلاوە مەبەست نییە، هێندەی ئاستی هونەری و زمانێکی ئەدەبی چڕوپڕ مەبەستە ، بەڵام بە داخەوە لەناو ئەم نەوەیەدا ، لە چەند بەهرەیەك بەو لاوە، کە لە پەنجەی هەردوو دەست تێناپەڕن و ئەدەبێکی جوان ئەنوسن، باقی بریتییە لە ئاژاوەیەکی بێ سەروبەرو لە یارییەکی بێ مانا لە زمانی شەق و شڕدا . گەورەترین گرفتی ئەم نەوە تازەیە ئەوەیە، نازانن بۆچی ئەنوسن ؟ بەهەر حاڵ هەمیشە ئەدەبی دەهێنەران لەسەر دەستی تاکە دەگمەنەکاندا دروستبووەو لە هەموو دەورو زەمانێکیشدا هەروا بووە، بۆیە گرانە بتوانی بە ڕێکو پێکی و بە وردی خەریتەیەك بۆ هەر سەردەمێ بکێشین بەو جۆرەی بتوانی حەقیقەت بپێکی !

**شیعرو وشەکانی، چ رۆڵێکیان**
**لە بەرامبەر تەکنەلۆژیادا هەیە ؟**

-شیعرو ئەدەب بە گشتی ژانری ڕۆمە، تەکنەلۆژیا لەهەر ئاستێکدا بێت، ناتوانێ ڕێگری عەشق و خەون و گۆڕانەکانی ناخی مرۆڤ بێت ، تەنیایی و غەریبی و خۆشی و ناخۆشی و شەپۆلێکی هەست و نەستی مرۆڤ و خۆشەویستی و خەوەکان، تا مرۆڤ بمێنێ ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان هەر ئەمێنن ، مرۆڤی خاوەن هەست و ئارەزو، هەرگیز مرۆڤی ئالی، جێگەی ناگرێتەوە، هەر لەبەرئەوەیشە شیعرو گۆرانی و موزیك و هونەر بە گشتی هەر ئەمێنن، لە دوای ئەوەی زانست و تەکنەلۆژیا مرۆڤی گەیاندە سەرمانگیش، کەچی تا ئێستەش (مانگ ) بە سیحرە شیعریەکەی خۆی خاڵی نەبووەتەوەو بەردەوام لە وێنە جوانەکانی ناو شیعرە ، ڕاستە سەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بوارە ڕۆحییەکانی تر، لەبەردەم مرۆڤدا بچوك ئەکاتەوە ، بەڵام تینوێتییە ڕۆحی و مەعنەوییەکان ، تەکنەلۆژیا ناتوانێ تێر

ئاویان بکات، ئەمیان لە هەست و نەستدایە، ئەویتریان لە ژیانی مادیدا، جگە لەوەش خۆشی ئینتەرنێت کە پێشکەوتوترین مەحاڵە لە دنیای تەکنەلۆژیدا، نەك هەر پێچەوانەی بوونی شیعریش، بەڵکو بەشێکی گەورە لە سایتەکانی ناو ئینەرنێتی دنیا تەرخانە بۆ شیعرو وشەو پەیوەندییە ڕوحییەکان ، لە دەمێکەوە ئەم پرسیارە کراوە ، واتە پێشکەوتنەکانی زانست جێگە بە شیعرو وشە لێژ بکات، لەهەموو دۆزینەوەیەکی زانستی و تەکنەلۆژی گەورەدا، ئەم پرسیارە کراوەو کەچی شیعرو وشە، گۆرانی و موزیك، هونەری شێوەکاری، بەردەوام لە گەشەکردنی خۆیاندا بوون و ئەوانیش بەپێی هەلومەرجی سەردەم لە گۆڕان و خۆتازەکردنەوەدا بوون،بۆ!؟ چونکە مرۆڤ ژیانی و بینینی و حەزی بە تەنها لەیەك بواردا گیر ناخوات. بۆ نموونە وشەی " خۆشەویستی"، پەیوەندی دوو ئاشق، ئازادی، جوانی سروشت، بێ کۆتایین، هەروەکو چۆن پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاش بێکۆتایین.

**شیعری کوردی لە دوای راپەڕینەوە بەرەو چ ئاراستەو قوتابخانەیەك رۆشتەوە ؟ لەگەڵ پێش راپەڕیندا چ جیاوازیەکی هەیە ؟**

-لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەبەست لەو بزووتنەوەی نوێخوازییە، کە لە

**گەرمەی شیعری ئێمە، لە گەرمەی بۆردومان و دووکەڵ و ئاگرو خوێندا بوو، لەوێوە چاوی شیعرمان دەکرایەوە ، ئێمە ناتوانین هیچ هەلومەرج و بابەتێك بکەین بە تایتڵی هەموو سەردەمەکان، هەر سەردەمەو هەر ئەزمونەو هەر شاعیرەی ئوسلوبی خۆی ئەدۆزێتەوە**

سەرەتایی حەفتاکاندا شیعر و ئەدەبی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا گرتەوە، لەو کاتەدا کە بزووتنەوەی نوێخوازی "ڕوانگە" دروستبوو، واتە لە مانگی چواری 1970دا، لەو کاتەدا شتێك نەبوو بە ناوی گروپی کفرییەوە، ئەم ناوە دواتر هاتە ناونووسین و دەمەتەقێکانەوە، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە نووسەرانی خەڵکی ناوچەی کفری - لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی و هەندێ نوسەری تر، لە دەرەوەی ئەو بزوتنەوەیە بوون، یان دەوری لە بەرچاویان لەو تازەکردنەوەیەدا نەبووبێت، بە پێچەوانەوە ئەو ناوانە و لەتیف حامیدی چیرۆك نووس، کە لە هەموویان مۆدێرنتربوو، کاریگەری گەورەیان لەسەر تازەبوونەوە هەبوو. لەو کاتەدا بەشێك لەو نووسەرو شاعیرانەی خەڵکی کفری لە بەغدا و کەرکوك ئەژیان، لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت لە کەرکووك بوون و فەرهاد شاکەلیش لە بەغدا بوو، گروپێکی نزیککەرەوەی ناو شیعر و ئەدەبی عەرەبی عێراقی، کە بە نەوەی شەستەکان ناسراون، لەو دەمەدا لە کەرکوك ئەژیان، سەرگوڵ پۆڵس ، جلیل قیسی، فازل العزاوی، صلاح فایەق و ئەوانی تر ،ئەم کۆمەڵە گروتینێکی تازەیان دا بە ئەدەبی عەرەبی لە عێراقدا بە ڕاستیش نوێخواز و تازەکەرەوە بوون بە مانای وشە مبدیع بوون، لەتیف حامید لە نزیکەوە ئەم گروپەی ئەناسی و لە ژێر کاریگەری ئەواندا بوو، هەر لەم ڕێگەیەشەوە لەتیف هەڵمەت بەهۆی لەتیف حامیدەوە لەم کاریگەرییە نوێخوازییە بێبەش نەبوو، دیارە من ئەم کارتێکردنە بە دیاردەیەکی ئاسایی و بێخەوش ئەزانم، لە لایەکی تریشەوە ئەوکاتەی ئێمە نیازی دەرکردنی بەیاننامەی ڕوانگەی ئەدەبیمان هەبوو، بە تایبەتی سەردانی کەرکوکمان دەکرد بۆئەوەی لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و سەدرەدین عارفیش لەگەڵماندا بن، واتە لە ئیمزاکردنی بەیاننامەکەی ڕوانگەدا. لەتیف حامید زۆری پێباش بوو، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ کە ئێرە جێی باسکردنان نییە ئەو ڕێککەوتنە دروست نەبوو، تا چەندین ساڵ دواتریش نە لەتیف هەڵمەت و نە فەرهاد شاکەلیش لە هیچ نووسین و قسە و باسی خۆیاندا نەیانئەوت ( گروپی کفری) بە هەرحاڵ، ناو گرنگ نییە، بەڵام هەموو ئەو شاعیر و ئەدیبانەی ناوم بردن و چەند ناوی تر کە لەو سەردەمەدا دەوری بەرچاویان لەتازەکردنەوەی شیعر و چیرۆکدا هەبوون، چ لە نەوەی ئێمە و چ لە ئێمە مناڵتر بەشدارییان دیاربوو لەوانە: شاعیران عەبدوڵڵا پەشێو، ئەنوەر قادر محەمەد، سەلام محەمەد، سەلاح شوان، لە ناو نووسەران و چیرۆك نوسەکانیشدا بەرەودوا ئەحمەد شاکەلی و سەدرەدین عارف و



شێرکۆ بێکەس

عەبدوڵڵا سەراج و موکری لەم خەریتەی تازەبوونەوەیەدا و لە سەرەتایی حەفتاکاندا بە بێ ئەوەی ناوی هیچ گروپێك لە خۆیان نابێ، بە تێبینی نزیکی هەندێکیان لە ڕوانگەو دوری هەندێکیان لە بەیاننامەکەی ڕوانگەوە، ئەچنە ناو یەکەمین شەپۆلی تازەکردنەوەی ئەدەبی حەفتاکاندا.

### خاسیەتەکانی شیعری گروپی ڕوانگە چین ؟ لەگەڵ گروپی کفریدا چ جیاوازیەکی هەیە ؟

-نازانم من بۆ خۆم لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەدا نیم، بە تایبەتی دوای ئەزموونێکی دوور و درێژ لەوە گەیشتووم، گرنگ ئەوە نییە تۆ ئینتیباعی ئەنووسی، یان ڕۆمانسی، یان واقیعی، یان تەجریدی و هەر شتێکی تریش، گرنگ شیعریەتە، چونکە هەموو ئەو ڕێباز و قوتابخانانەی هەبوون و هەن، شاعیری داهێنەر دروستیکردوون، هیچ قوتابخانەو ڕێبازێ کەس ناکات بە شاعیر، ئێمە وەك سەرئەنجام شیعرمان ئەوێ و شیعری جوان، جا ئیتر بخرێنە هەر خانەیەکەوە.

### شیعرەکانی بەرێزت دەچنە خانەی پۆستمۆدێرنەوە،یان مۆدێرنەبوونی شیعر بەلاتەوە گرنگە ؟

-من نزیکەی شانزە ساڵێکە، ناڵێم هەمووی بەڵێ بەشی هەرە زۆری کارەکانم نووسینی : قەسیدەی درێژ، یان داستانە شیعر، یان چیرۆکە شیعر و دوا کاریشم نووسینی – تێکستێکی واڵ بوو- کە ئەویش کوردییە و لەم ڕۆژانەدا کەوتە بازاڕەوە . ئەم ئەزموونە لە شیعری کوردیدا پێشتر بەمجۆرە نەنوسراوە، دیارترین مەلحەمەی شیعری ئێمە( مەم و زین) ی خانییە، ئیتر لەدوای خانییەوە ( داستانی نوێی شیعری ) وەك هەناسەی درێژ و فرەدەنگی و ، تێکەڵکردنی هەردوو ژانەری شیعر و چیرۆك لەناو یەکدا، بەم شێوەیەی ئەزموونەی من نەبوو.

من لێرەدا نامەوێ بڵێم تا چەند ئەم هەوڵانەم تازە و کامڵ بوون، بەڵام زنجیرەیەك ئەزموونن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،بە هەڵکشان و داکشانەوە خەریتەکەیان لەم ڕووبەرەدا کێشاوە، ئەوەندەی بزانم من هەمیشە ویستومە لە وێستگەیەکی شیعریدا چەق نەبەستم و بەردەوام لە پشکنین و گەڕاندا بم بۆ دۆزینەوەی تازەتر، جا ئیتر لە نێو ئەم ئەزموونە شیعری و ئەدەبیاتەدا، چەندیان بەرەو سەرووتر کشاون و چەندیان بەرەو خوار، ئەوەیان بۆ خەڵکی تر و ڕەخنەگران بەجێئەهێڵم، من لە ئەزموونە نووسینەکانی : کورتە شیعر یان شیعری پۆستەر، هەروەها چیرۆکە شیعر و ڕۆمانە شیعر، یان نووسینی ئەدەبی واڵادا کارمکردووە، بەرهەمەکانی: کازیوە و ئاوێنە پچکۆلەکان، ئینجا دەربەندی پەپوولە و خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، هەروەها بۆننامەو ڕەنگدان و گۆڕستانی چراکان و سرووده بەردینیەکان دوایش تێکستی واڵای کورسی نموونەن. لە قەسیدەی پەخشاندا(ئافات) 1993 ئەویش نموونەیەکی تایبەتە بۆخۆی، من بۆ خۆم وا ئەزانم ئەمە پەیوەندییەکەی زۆری بەو ( غوموزە موفەتەعەلانەوە ) بەو ( قفڵە زۆرانەوە) هەیە، کە شاعیر بەنێوی نوێخوازییەوە لە زمانی ئەدەب و لە دواییدا ( زمانێکی لاڵ) دروستدەبێت و هەموو چێژێك ئەکوژن و خوێنەر ئەتەزێنن و لە شیعری دوور دەخەنەوە، دیارە (حداپە)یش لە خەوش و عەیبی خۆی خاڵی نییە، من بۆخۆم حەزناکەم شیعرێ بخوێنمەوە، کە


تووشی سەرەگێژەم  بکات، یان دەیان ئاستەنگی قورسی لە سەرە ڕێمدا دانابێت، چونکە ئەگەر ئەم ئاستەنگانە لە سەرەتایی قەسیدەیەکەوە دەرکەوت، ئیتر خوێنەر ناچار نییە لەگەڵی بڕوات، بە کورتی  ئەیخاتە لاوە و فڕێیئەدات و دەستئەداتە شتێکی دیکە و مەجبوور نییە خەریکی هەڵهێنانی تەلیسم بێت! ئەو ئەیەوێت چەند ساتە وەختێك چێژ وەرگرێت، جا ئەو چێژ وەرگرتنە سەرسامی بکات، یان هەر شتێکی تێدا بەجێبهێڵێ، من بۆ خۆم لە ئەزموونی خۆمدا وازم لە ( شیعری پوخت) بەمانای نووسینی شیعر بۆ شیعر هێناوە، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی پێویستە لەم سەردەمەدا ( شیعری پوخت و زمانی چیرۆك) ئاوێتەی یەکتر بکرێن، واتە دەقێك بنووسرێ  کراوە، ئەم جۆرە  دەقانە ئەگەر شارەزایانە بنووسرێن، ئەتوانێ هەم ئەدەب پێشکەشبکەن و هەم خوێنەریش لە خۆیان دوورنەخەنەوە.

بەهەر  حاڵ ئەزموونێکە و لە دەربەندی پەپولەوە  دەستمپێکردوە و تا ئێستاش بەردەوامم، دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شیعری تر نەنووسم، بەڵام  فەزای زاڵ شتێکی ترە،  دیارە لێرەدا  پرسیار گەلێکی زۆر دێتەئاراوە ،بۆچی داستانە شیعر لەم سەردەمەدا ؟! من پێموایە هەموو سەردەمێك داستانی خۆی هەیە، ڕەنگە ڕۆمان وەکو وتویانە  ( داستانی سەردەمە)، بەڵام تراژیدیا زۆرەکانی کوردیش ، ئازارە دوور و درێژەکان، هۆیەکە بۆ نووسینی ئەم داستان و قەسیدە درێژانە، مەبەستم لە ئەزموونەکانی خۆمە، چونکە بەڕاستی ئەو کارەساتە گەورانە، ئەو خەمە گەورانە، ئەو عەشقە بەرینانە، فۆرمی گەورەو پانتایی گەورەی ئەوێ!، وەك ئەوەی تینویەتی دارستانێکی گەورە  کانییەك نایشکێنێ، ئەگەر ڕووبارێك نەبێ! هەر وەك ژیان خۆی گەشتی کورت و گەشتر درێژ، ئازاری کەم و ئازاری زۆر، تابلۆی بچوك و تابلۆی گەورە، من لەم ئەزموونانەدا گەشتە درێژەکانم کردووە، هەڵبەت  ئەوە ڕاستە کە شیعری جوان بە کورتی و درێژی نییە، بەڵام نووسینی داستانە شیعر دەسەڵاتێکی  لەڕادەبەرو گەورەی ئەوێ، حەز ئەکەم لێرەشدا ئاماژە  بەوە بکەم، من ئەو ئەزموونەیشم  واهێناوە کەلەدوای هەر  کارێك لەو کارانە یەکەمجار  لە کۆڕێکدا ئەیانخوێنمەوەو لە کەناڵی تەلەفزیوندا نیشان ئەدرێن و لە قۆناغی سێهەمدا چاپدەکرێن، بۆ نموونە : خوێندنەوەی ئەم کارە درێژانە، کە هەر یەکێکیان  لە سەعات و نیو کەمتری نەخایاندووە و لە سەردەمی  زیاد لە 300 و چوارسەد کەسدا، خۆی بۆ خۆی لە سەرەتاوە  جۆرێك بوو لە ( موغامەرە)، چونکە ئەگەر شاعیر نەیتوانی فەزایەك دروستبکات بۆ گوێلێگرتنی، ئەوا ئەزموونەکەی  تووشی شکستی ئەبێ و خەڵکیش تاقەتیان ئەچێ و نامێننەوە، من تائێستە هەشت کاری درێژی لەو بابەتەم خوێندۆتەوەو  ئەو بێتاقەتیی و وەڕسبوونەم، تووشی گوێگرانم  نەکردووە.

من ناو بە ناویش ئەگەڕێمەوە سەر نووسینی کورتە شیعریش، ئەم شیعرانە هەوێنن، یان  ئەو کۆمەڵە وشە کەمەن، کە یەك حاڵەت ئەگرن و  چڕی ئەکەنەوە وەك ئەوەی چۆن زەڕەبینێك تیشکی خۆر لە خۆیدا  کۆ  ئەکاتەوە تا ڕادەی سووتان. ئەو ئەزموونەی خۆم لە نووسینی ئەم شیعرانەدا هەمە، بەمجۆرە باسی ئەکەم: زۆرترین  دەربڕین بە کەمترین وشە، بەشێکی زۆری ئەم شیعرانە، موفاجەئەیەك لە هەناوی خۆیدا هەڵئەگرت کە لە دوا ڕستەدا، وەك لێدانی ڕووناکی فلاش، یان زەنگلێدانێك دەرئەکەون، شیعری بیرۆکەن، بە خەیاڵێکی ورد، موتوربە کراون.

**ئێستا لە چ قۆناغێکی شیعر نوسیندایت، بەمانایەکی تر پێتوایە ئەم قۆناغی شیعر نوسینەی ئێستاش، جیاوازی و تایبەتمەندی هەبێت؟**

-شیعر نییە  لە جۆرێك لۆژیك، یان فەلسەفە خاڵی بێت، بەتایبەتی لەو شیعرانەدا کە ئەیانەوێ ( مانایەك)بدەن بە پڕۆسەی  کارکردنی زمان، واتە هەر بریتیی نییە لە فۆرمێکی موجەڕەد،دیارە بەو ئەندازەیەی ئەم  لۆژیکە نەبێتە هۆی ئەوەی لە شیعریەت و حەساسیەتی شیعری زۆر دابەزێنێ، چونکە  لە حاڵەتی  زیادبوونی لۆژیك لەناو شیعردا، شیعر ئەبێ بە ( پەیامێکی مەعریفی و ئەقڵی) و لە شیعریەت ئەکەوێ، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر حەساسە بە ئەندازەی نەشتەرگەریەکی ورد لە مێشك و دڵدا. لە ڕاستیدا ناوچەی مەرکەزی  شیعر، جوگرافیاکەی ئەوەتا لە ناو ( ناوچەی ئەحاسیس و هەست و نەستی مرۆڤــدا، نەك لەناو  عەقڵیدا). لۆژیکی شیعر لە خەیاڵدایە ئەو سنوورانە تێئەپەڕێنێت، کە مەنتیقی باو و فەرهەنگی زمان  هەیەتی ، شیعر خۆی بۆ خۆی مەنتیقی خۆی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی هیچ مەنتیقێکی تر نییە. زمان  ئەو دنیایەیە کە شیعری لێئەکەوێتەوە، بەڵام کام زمان؟! زمانێك کە تەواوی شتە باوەکان ئەکات بە ناباو،  سەرلەبەری ئەو مانایانە ئەگۆڕێ  کە زمان  ڕاستەوخۆ کاری تێداکردوون، سەرلەنوێ لەڕێگەی  خەیاڵ و  وێنەوە،  دنیا بەجۆرێکی  تر  ئەخوڵقێنرێتەوە، ئەو بەشەی کە لە نووسینی شیعردا،  پەیوەندی  بە پێداچوونەوە و مۆنتاژەوە هەیە،  تا ڕادەیەك لۆژیکی عەقڵ پۆلێنیدەکات، واتە بەشێك  لە پڕۆسەی نووسینی ئەدەبی سنعەتە، کە ئەویش لە ئەنجامی ئەزموون و  مومارەسەوە




دروستئەبێ و ئەم چەمکەیان لە وردبینی لۆژیکەوە نزیکە وەك لە هەڵقوڵینی عەفەوی و تەقینەوەی هەست و نەستەوە، ئەدەبی پەخشان-چیرۆك، ڕۆمان- مەنتیقیان، لەگەڵ مەنتیقی شیعر جیایە، هەرچی شیعرە هیچ یاسا و ڕێسایەك هونەرەکانی دی نایگرێتەوە، خۆی خاوەن مەنتیقی خۆیەتی، شیعر پێوەری بێ پێوەرە، لە شیعردا زمان بێئەندازە بەرین ئەبێ و گەردوونێ لە سیحر و ئەفسانە و دونیای خەیاڵ و خەیاڵاوی پێکئەهێنێ، عەقڵی شیعر لە ( نا عەقڵانیەتدا) ئەڕسکێ و نەشوئمادەکات و زەمانێ نامێنێ ئەم پەتی بۆ نەهاوێ.

**بەرەو پەخشان چوونی شیعر، هۆکاری دروستکردنی قەیران نییە لەنێوان دەق و خوێنەردا ؟**

- شیعر و پەخشانی شیعر دوانەی ئەفراندنن. جیاوازی نێوانیان ئەو دەنگ و ئیقاعانەیە، ئەو نۆتانەیە کە لە شیعردا جوانتر باڵ ئەگرن و باشتریش ئەبیسترێن، وەك لە پەخشان. پەخشان دەشتە، بەڵام شیعر زەریایە ، زەریایە بە شەپۆل و هاژە و هەڵچوون و داچوونەوە .ئەمە جیاوازییانە ، ئەگینا وەکی تر بۆ داهێنان لە هەردوو حاڵەتەکەدا جیاوازیەك نییە.

لە شیعری پەخشاندا خەیاڵ ئازادترە، بەڵام مۆسیقای کەمترە یان ئیقاعی کزترە. من پێموایە شیعر لەئێستەوە بەرەو دەقێکی کراوە ئەڕوات، واتە ئەو تێکستەی خاسیەتی تازە بۆ شیعر فەراهەمدەکات. قەیرانەکە لەوێدا نییە شیعر بەرەو پەخشان ئەچێت، ئەمە قەیرانی لە نێوان دەق و خوێنەردا دروستکردبێ، نا ، چونکە پێچەوانەی ئەم قەیرانە لە شیعریشدا هەیە و لە پەخشانیشدا، چونکە قەیرانەکە لە هەناوی پەخشاندا نییە بە قەدەر ئەوەی بۆ شێوازی ئەوینی شاعیرەك ئەگەڕێتەوە، واتە مەسەلەی زمانی دەربڕین، زمانی دابڕاو لە خوێنەر لە شیعریشدا هەیە و لە پەخشانیشدا، کە لە بنەڕەتدا بۆ خودی شاعیر دەگەڕێتەوە، ئەگینا پەخشانە شیعری وا هەیە، هێندە جوانن، مرۆڤ لە خوێندنەوەیان تێر نابێ. لە ڕاستیدا من لە شوێنێکی تردا ئاماژەم بەو دووری و نزیکیەی نێوان شاعیر و خوێنەر



دابوو. هۆو هۆکارەکان زۆرن . دیارە یەکەمین دیاردەی زەق لەو زمانەدایە کە پێی نوسراوە، چۆنیەتی دەربڕینەکە :

ئایا ڕەوانێکی قوڵە ؟!ئاسانێکی گرانە ؟! یان جۆرێکە لە تەلیسم و لەخۆباییبوونێکی شاعیر، کە ئەوێ بە لووت بەرزییەوە بڕوانێتە خوێنەرەکەی ؟! یان لە تەمەڵی خوێنەرەوەیە کە ئەیەوێ زۆر بە ئاسانی لەم هونەرە بگات ؟! یان هەر گەمەیەکی وەختیە و نەزوەیەکە و شاعیر ئەیەوێ وەختی خۆی پێ بکوژێ و خوێنەر توشی سەرە گێژە بکات ؟! .

لە راستیدا شیعر هەیە سادە، بەڵام سەرسامکەر. وشەی ئاسان، بەڵام وەختێك کۆئەبنەوەو ئەیخوێننەوە راتدەچڵەکێنێت، تووشی جۆرێك لە شۆکی ناو زمانت ئەکات !، چاوەڕوان نەکراو دێت و مەلوف ئەبێت بە ناو مەئلوف !. هەڵبەت لەم دنیایەدا "ئیستیعارە و تەشبیە" دەوری ئێجگار لە بە سەیرکردنی ژیاندا ئەبینن. لە ڕاستیدا شاعیرەکان قەیرانەکە دروستئەکەن نەك خوێنەر، بەڵام ئاخر ئەپرسم ئەبێ ئەو شیعرە چیبێ ،کە هەڵبژاردەیەکی ئێجگار کەم و شاعیرەکە خۆی ئاهەنگی بۆ بگێڕێ. بەلای منەوە پێویستە شیعر جۆرە هەتاوێك بێ بۆ هەمووان، ئەگەرچی هەمووانیش بە تەواوی نەزانن ئەو هەتاوە چییە !. من بۆ خۆم بڕوام بەوەیە وەختێ جمهورێ گوێ لە شیعری من ئەگرێ، هەر لە مامۆستایەکی زانکۆوە تا ئەندازیار و دکتۆرێك و تا خوێنکارێ و تا کاسبکارێ، یان لە هەر شیعر دۆستێکی تر . من بتوانم بەشێك لە ئیحساسی خۆمیان بگەیەنمێ، هەریەکە و بە ڕێژەیەك، کەم تا زۆر هۆگری شیعرم بن.

من بۆ خۆم ئەنووسم و لە هەمانکاتدا بۆ خوێنەری سەردەمەکەی خۆیشم ، مەحاڵە نووسین شیعر بێت، یان پەخشان، بەدەر لە خوێنەر ئەگەرنا پێویست بە نوسیی ناکات، بەڵام ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنێ من لەبەر خەڵکی و جەماوەر موساوەمە لەسەر هونەری شیعر بکەم ! چونکە وەك دەرئەنجام ئەوەی ئەمێنێتەوە شیعرە . من جارێك وتومە : زۆر جار بابەتی ناو شیعر گەوهەرەکە نییە، شاعیر هەیە بۆ خوا ئەنووسێ، بەڵام شیعرەکە نابێت بە شیعر . شاعیریش هەیە بۆ مشکێك ئەنووسێ، بەڵام شیعرەکەی ئەبێ بە شیعر !. ئێمە شیعریەتمان مەبەستە. سەیرە بەشێکی زۆری شاعیرە هەرە گەورەکانی دنیا، سادە و قوڵ نوسیویانە، بۆیە گەورەن : لە شیعرەکانی پۆشکین و ئادگار ئالان پۆو لورکاو بایرون و شیللی و لامارتین و ئیلوار ونیرۆدا و ئەحمەدی شاملو و گۆران و سەیاب و ئۆکتافیۆبازو فەروغ و زۆر شیعری شاعیرانی تردا: قفڵی ئەنقەست نابینی. تەمومژی و دەستکرد نابینی. پێچاوپێچی تونی بابا نابینی و بە سادەیی و ڕەوانی خۆیان دێن و



ئەمێننەوە و دڵان ئەکەن بەماڵی خۆیان.

**ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە شیعردا هەیەو دابڕانی لە نێوان خۆی و خوێنەریدا دروستکردوە، بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟**

-من لە شوێنێکی تردا ئەم وەڵامەم داوەتەوە، بەراستی" ئاڵۆزی" لە شیعری نوێدا بەشێکی بۆ سروشتی نوێی خۆی ئەگەڕێتەوە، واتە بۆ "رئویا"ی شیعری ئەمڕۆ ، بۆ ئەو ئاڵۆزییەی لە عەسری تازەدا هەیە، بۆ ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانی تەعبیرکردندا هاتوون. بۆ زۆر ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و هێما و ڕەمزی کولتووری، کە پێویستە خوێنەر ئاگاداریان بێ، بۆ نمونە خوێنەرێکی ئاسایی ناتوانێ بە چاکی لە شیعرەکانی مەحوی یان جەلالەدینی ڕۆمی بگات، ئەگەر شارەزاییەکی لە زانستی "تەسەوف"دا نەبێت، یان لە هەموو ئەو ئاماژە و هێمایانە بگات، کە بۆنمونە لە شیعرەکانی "ئەلیوت" دا هەن، ئەگەر ئاگای لە کولتووری کۆن و مەسیحیەت و ئینجیل نەبێت و بەمجۆرە. دیارە ئەم جۆرە ئاڵۆزیانە هەر بۆ ئاڵۆزی نین " بەڵکو لە چڕوپڕی قوڵبوونەوەوە هاتوون " بە زۆر هەلنەتۆقنیراون و وەك عەرەب ئەڵێ "موفەتەعەل" نین. هەر لێرەیشەوە کە زاراوەی "خوێنەری زیرەك" بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە باسئەکرێن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاڵۆزی لەبەر ئاڵۆزی زۆر کەوتونەتە ناو شیعری تازەوە، بە جۆرێك نەك هەڵبژاردەیەکی کەم، تەنانەت شاعیر و خاوەنی دەقەکەش ئەو گرێکوێرانەی بۆ ناکرێتەوە.من بۆ خۆم حەزم لە دەقی گران و سەخت نییە، نەك لەبەرئەوەی بڵێم ئیبداع نین، بەڵکو وەك وتومە ئەو شیعرانە نین کە دڵەوە بۆ دڵ بن. ئاسان بن و لە هەمانکاتیشدا قوڵ و جوان.

**لۆژیك وعەقڵ تاچەند لە شیعرەکانتدا بوونیان هەیە؟ پۆلێنەکانی لۆژیك لە شیعرەکانتدا چین ؟**

-شیعر دروشمێ یان پرۆژەیەك نییە پیادەبکرێ ! شیعر خەونەو پرسیارە . ئەمە جگە لەوەی پەیامی ڕاستەقینە چییە ؟! مەرجیش نییە شیعر پەیامێکی هەبێ، بەو مانایەی ئایدۆلۆژیایەك، یان قوتابخانەیەکی سیاسی هەیەتی !. شیعر ئەگەر پەیامێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسیشی هەبێت، هەر ئەبێت لە ڕێی شیعریەتەوە بێت، واتە "موقەدەسی" لە ناو شیعردا جوانییە. شاعیران بە گوێرەی خەون و خەیاڵ و خولیاکان ڕەنگە وەك هەزاران پەلکە ڕەنگینەی جیاواز وابن، لەبەرئەوە نە پەیامێك و نە ئامانجێك نییە، هەموو شاعیران کۆبکاتەوە. جوانی و ڕاستی لە هەر شوێنێ بێ، شیعریش لە وێیە، لەم دنیایەشدا لەهەر شوێنێ لە پەپولەیەکەوە، بۆ مرۆڤی ئازار بدرێ، ئەوە بە مانای ئازاردانی شیعر و جوانییە. شیعر یەك پەیامی ئینسانی هەیە، ئەویش بە تەنها خۆشەویستییە.

**بەرای تۆ یەکەم کەس شیعری سەربەستی نوسیبێت کێیەو لە چ ساڵێکدا بووە؟ یەکەم شیعری سەربەستی بەرێزت کەی نوسیوتە؟**

-دیارە بەر لە ئێمە، نوسینی شێوەی شیعری تازەی جیا لە شیعری عەروزی ، "گۆران" نوسیویەتی، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ وەزن و ڕێیەکانی شیعری فۆلکلۆری، کە شاعیرانی ناوچەی هەورامانی پێیان ئەنووسی، وەك بێسارانی و مەولەوی ، گۆران عەروزی عەرەبی خستەلاوە و گەڕایەوە سەر ئەو کێشانە و لێشی زیادکردن . من بۆ خۆم لە دیوانی دوەمدا "کەژاوەی گریان" ١٩٦٩ بەشی زۆری شیعرەکانم لەسەر کێش و بڕگەیی نوسیوە، وەك ئەوەی لە شیعری عەرەبیدا بە شیعری تەفعیلە ناسراوە.

دیارە بەر لە ئێستەش ئەمجۆرە شێوانە هەر نوسراون، بەڵام گەورەترین شاعیر کە لەم بوارەدا بواری بەکارهێنانی وەزنی جیاجیادا شیعری نوسیبێ بەر لە هەمووان هەر "گۆران"ە لە ناو شاعیرانی تازەیشدا " لەتیف هەڵمەت " یەکێکە لەوانەی لە ساڵی ١٩٧٠ دا جۆرێك لە شیعری پەخشانی نوسیوە. شەپۆلی نوسینی شیعری ئازاد، بە زۆری لە سەرەتاکانی پەنجاکاندا لای ئێمە سەریهەڵدا، بەڵام لە ڕووی شیعریەتەوە لاوازو بێ نموو بوون، وەك ئەو نمونانەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا لە سلێمانی بڵاوئەبوونەوە،"نوری دەشتی، کامیل ژیر ، نەسرین فەخری " سەرەتای حەفتاکان و ساڵانی دواتر ، جوانترین نمونەی شیعری تازەی کوردی هاتنە ئاراوە، بەلای منەوە ئەوە کێشە نییە لە ڕووی فۆرمەوە کام شاعیر یەکەمجار ئەوەی نوسیوە، گرنگ تازە بونەوە بووە لە بینین و گۆڕیندا، چونکە هەموو گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە شێوەی شیعردا، وەختێ دروست ئەبێ، کە گۆڕان لە بیرکردنەوەدا و لە بینینی تازەدا بۆ ژیان دروست بووبێ. ئەویان دوای ئەمیان دێت. شاعیر هەیە بە شێوەی تازە شیعر ئەنوسێ، بەڵام بە عەقڵی هەزار ساڵ لەمەو بەر بیرئەکاتەوە وەکو ئەو شیعرانەی شاعیرۆکە ئیسلامیەکان ئەینووسن. من بۆ خۆم پێموایە کامڵترین قەسیدەی درامی خۆم لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا نووسیبێ چ لە ڕووی فۆڕم و چ لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە، ئەویش قەسیدەی "کۆچ" بوو!